DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.335



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارایی دامەزراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان

## (رێکخراوە خێرخوازییەکان بە نموونە)

چالاک عومەر ڕەشید
chalakomer1904@gmail.com

پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد
bahadin.ahmed@spuedu.iq

بەشی تەکنیکی میدیا- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمان

**پوختە:**

(رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارایی دامەزراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان "رێکخراوە خێرخوازییەکان بە نموونە") توێژینەوەیەکی وەسفیی رووپێوییە توێژەر فۆرمی راپێویی بەکارهێناوە لەناو کارمەندانی رێکخراوەکانی (رابیتەی مرۆیی، دەستگای خێرخوازی بارزانیی، رێباز فاوندەیشن و رێکخراوی خێرخوازیی خەڵک). توێژینەوەکە هەوڵێکی مەبەستداری زانستییە بە مەبەستی زانینی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارایی دامەزراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێک، ئامانجی توێژینەوەکە زانین و پێوانەکردنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکیی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دەرخستنی رادەی پشتبەستنی کارمەندانی رێکخراوە ناحکومییەکان بە بنەما زانستییەکانی پەیوەندی گشتیی لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی رێکخراوەکەیاندا. گەیشتن بە ئەرکەکانی پەیوەندیی گشتیی لە رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا. زانینی ئەو رێکارانەی کە پەیوەندیی گشتیی بەکاریان ئەهێنێت بۆ کاراکردنی چالاکی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان. ناوەرۆکی کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نارووونیی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکیی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، لە مانگەکانی شوبات، ئازار و نیسانی ٢٠٢٣دا کاری لەسەر کراوە و، لە دوای باسکردنی لایەنە تیۆرییەکان و پراکتیکییەکان بۆ بابەتەکە گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵی بەرچاوی هەیە لە کارایی دامەزراوە و رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کارمەندانی رێکخراوە ناحکومییەکان و بەتایبەت رێکخراوە خێرخوازییەکان لە کارایی چالاکی رێکخراوەکانیاندا بە شێوەیەکی سەرەکیی سوود لە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەبینن و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیش بەدی ئەهێنن.

**کلیلەوشەکان: رۆڵ، پەیوەندییە گشتییەکان، کارایی، رێکخراو، رێکخراوە ناحوکومییەکان، هەرێمی کوردستان.**

Recieved: 5/8/2023
Accepted: 8/9/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم توێژینەوەیـە لـە سێ بـەش پێکهاتـووە کـە بەشـی یەکـەم میتۆدنامـەی توێژینەوەکەیـە و بایـەخ، کێشـە، ئامانـج، جـۆر و ڕێبـازی توێژینەوەکـە لەگـەڵ ئامـراز، کۆمـەڵ و مشـتەی توێژینەوەکـە بـاس ئـەکات، هەروەهـا ڕواڵەتـە درووسـتیی و جێگیریـی فۆرمەکانـی ڕاپێویـی توێژینەوەکـەی تیادایـە، هـاوکات بوارەکانـی توێژینەوەکـە و پێناسـەکردنی چەمـک و زاراوەکان لەگـەل توێژینەوەکانـی پێشـووش پێکهاتـەی ئـەم بەشـەن.

بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـەش زانیاریینامەیـە و پێناسـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان، ئامانـج و ئەرکەکانـی باسـکراون، هـەر لـە هەمـان بەشـدا پێناسـەی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان کـراوە لەگـەڵ ئامانـج و ئەرکەکانیـان هەروەهـا باسـکردنی هـەر چـوار ڕێکخـراوی خێرخوازیـی (ڕابیتـەی مرۆیـی، دەسـتگای خێرخوازیـی بارزانیـی، ڕێبـاز فاوندەیشـن و ڕێکخراوی خێرخوازیــی خەڵک).

بەشـی سـێیەمیش تایبەتـە بـە کردارینامـەی توێژینەوەکـە کـە (٥) خشـتەی تیـادا نمایـش کـراوە لەگـەڵ دەرەنجـام، پێشـنیار و ڕاسـپاردەکان.

توێژینەوەکـە وەسـفییە، پشـتی بـە میتـۆدی ڕووپێویی بەسـتووە، لە ڕێگەی ئامـرازی (فۆڕمـی ڕاپێویـی)ەوە خراوەتەڕوو، کۆمەڵگەکەشـی بریتییـە لـە ئـەو ڕێکخـراوە خێرخوازییانـەی کـە لەلایـەن فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە تۆمـار کـراون.

جـۆری سـامپڵی توێژینەوەکـە لەلایـەن توێـژەرەوە شـێوازی ڕاپێویـی گشـتگیر (ڕووماڵـی گشـتیگیر) (مسـح الحـصر الشـامل) بەکارهاتـووە، کـە بەڕێوەبـەر و ئەنجومەنـی بەڕێوەبـردن و سـەرجەم کارمەندانـی کارگێڕیـی و پەیوەنـدی گشـتیی ڕێکخراوەکانـی ڕابیتـەی مرۆیـی، دەسـتگای خێرخوازیـی بارزانیـی، ڕێبـاز فاوندەیشـن و ڕێکخـراوی خێرخوازیـی خەڵـک ئەگرێتـەوە کـە بـارەگای سـەرەکییان لـە هەولێـری پایتەخـت و شـاری سـلێمانییە، ئـەوەش بـە مەبەسـتی زانینـی دیـد و بۆچوونیانـە لەسـەر ڕۆڵ و سرووشـت و جـۆری چالاکییەکانـی پەیوەنـدی گشـتیی لـە ڕێکخراوەکانیانـدا.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### ١.ڕێبازنامەی توێژینەوەکە (میتۆدنامە)

### بایەخی توێژینەوەکە:

گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی ئەبینێتـەوە لـەوەدا کە پەیوەسـتە بـە کێشـە جیاوازەکانـی چیـن و توێژەکانـی کۆمـەڵ، هەروەهـا کاریگەریـی ڕێکخـراوەکان لەسـەریان. ئـەم گرنگییـە لـەوەدا خـۆی ئەبینێتـەوە کـە بابەتـی توێژینەوەکـە لـە بـواری ڕاگەیاندندایـە، ئـەو کەسـانە ئەتوانـن سـوودی لـێ وەربگـرن کـە لـە بوارەکـەدا کار ئەکـەن. هەروەهـا ئـەوەش گرنگـە کـە توێژینەوەیەکـی زانسـتییە لـە بـواری ڕۆڵـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە ڕێکخـراوە ناحکومییـە خێرخوازییەکانـدا، کـە توێژینـەوە لـەم پسـپۆڕییە وردەدا بـە زمانـی کوردیـی دەگمەنـە، کـە بێگومـان لـە ئاینـدەدا ئەبێـت بـە مایـەی دەوڵەمەندکردنـی فەرهەنـگ و کتێبخانـەی کوردیـی بـە سـەرچاوەیەکی نوێـی زانسـتیی لـەم بـوارەدا.

### کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە:

کێشـە یەکـەم هەنـگاوی توێژینەوەیـە و گرنگتریـن هەنـگاوە، توێژینـەوەش کاتێـک ئەنجـام ئەدرێـت کـە هەسـت بـە بوونـی کێشـەیەک بکەیـن، ناوەڕۆکـی کێشـەی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە ناڕوونـی ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لە کاراکردنـی چالاکیـی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ بەدەسـتهێنانی وەڵامـی زانسـتیی دەربـارەی ئـەم ناونیشـانە، بـە چەنـد پرسـیارێک کێشـەکان بەمشـێوەیەی لای خـوارەوە دەخەینـەڕوو کـە پێویسـتیان بـە وەڵامـی

زانستییە لەلایـەن توێـژەرەوە:
پەیوەندییە گشتییەکان لەناو رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان توانیوییەتی توێژینەوەسازیی بکات؟
تـا چەنـد رێکخـراوە ناحکومییـەکان و بەتایبـەت رێکخـراوە خێرخوازییـەکان لـە دارشـتنی پـلان و بەرنامەکانیانـدا بەشـێوەیەکی زانسـتیی پشـتیان بـە پەیوەندییـە گشـتییەکان بەسـتووە؟
بەشـی پەیوەندیـی گشـتیی رێکخـراوە ناحکومییـەکان تاچەنـد پلانـی گونجـاوی هەبـووە بـۆ کاتـی قەیـران و بـارە لەنـاکاوەکان؟
پەیوەندیـی گشـتیی رێکخـراوە خێرخوازییـەکان تـا چـی ئاسـتێک زانیـاری دەربـارەی کار و چالاکـی و داهـات و خەرجییەکانـی بـە جەمـاوەری ناوخـۆ و دەرەوە ئـەدات؟
پەیوەندیـی گشـتیی تاچەنـد توانیوییەتـی پێکبەسـتن و هاریکاریـی لـە نێـوان سـەرجەم چالاکییەکانـی پەیوەنـدی گشـتیی و چالاکییـە کارگێڕییەکانـی تـری دەسـتگاکە بـەدی بهێنێـت؟
پەیوەندیـی گشـتیی لـە رێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان توانیویەتـی ئەرکـە لۆجسـتییەکان بـکات؟ کـە پێکدێـن لـە: ئەرکـی پێشـوازی لـە میـوان وئـەو کەسـانەی سـەردانی رێکخراوەکـە ئەکـەن، ئەنجامدانـی رێکارەکانـی گەشـتکردن و ناردنـی شـاند بـۆ دەرەوەی وڵات و گرتنـی هۆتێـل گرنگییـدان بـە پێداویسـتییەکانیان، رێکخسـتنی رومانـی میدیایـی بـۆ چالاکییەکانـی رێکخراوەکـە، رێکخسـتنی سـەرجەم چالاکـی و بۆنـە گشـتییەکان کـە پەیوەندییـدار بێـت بـە رێکخراوەکـەوە.
پەیوەندییە گشتییەکانی رێکخراوە خێرخوازییەکان سەرپەرشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی رێکخراوەکە ئەکات؟
پەیوەندییـە گشـتییەکانی رێکخـراوە خێرخوازییـەکان بایـەخ ئـەدات بـە بەدیهێنانـی دادپـەروەری لەنێـوان کارمەندەکانـی رێکخراوەکەدا؟
بێگومـان هـەر توێژینەوەیەکـی زانسـتیی کـە لەلایـەن توێژەرانـەوە ئەکرێـت بـۆ گەیشـتنە بـە چەنـد ئامانجێکـی دەستنیشـانکراو. لـەم رووەوە توێـژەر چەنـد ئامانجێکـی دیاریکـردووە، کـە بـەم چەنـد خاڵـەی لای خـوارەوە ئەیخەینەڕوو:
زانیـن و پێوانەکردنـی رۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە کاراکردنـی چالاکیـی رێکخـراوە ناحکومییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.
گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان کـە خـۆی ئەبینێتـەوە لـە (بنیادنانـی وێنـەی زیهنـی بـاش لـەلای جەمـاوەر، بەهێزکردنـی پەیوەنـدی رێکخـراو لەگـەڵ دام و دەسـتگاکانی تـر و هەروەهـا رۆژنامەنووسـان و کەناڵەکانـی راگەیانـدن، هەوڵـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی جەمـاوەری لـە ناوخـۆ و دەرەوە بـۆ کار و پـرۆژە و بەرنامەکانـی رێکخـراو، بەرپەرچدانـەوەی سـەرجەم ئـەو پروپاگەنـدە و هەواڵـە هەڵبەسـتراو و هێرشـە ناڕەوایانـەی کـە لەلایـەن کەسـانی دژ و کەناڵـە جیاوازەکانـی راگەیاندنـەوە ئەکرێتەسـەر رێکخـراو).
گەیشـتن بـە ئەرکەکانـی پەیوەندیـی گشـتیی لـە رێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا. کـە خـۆی ئەبینێتـەوە لـە گـەڕان، پلاندانـان، پەیوەندیکـردن، هاریکاریـی و هەڵسـەنگاندن.
زانینـی ئاسـتی ئـەو ئەرکانـەی پەیوەندیـی گشـتیی کـە رۆڵیـان هەیـە لـە کاراکردنـی چالاکـی رێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا.

## رێباز و وردەکاریی میکانیزمی توێژیینەوەکە

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی وەسـفییە لـە توێژینـەوە هۆکارییەکانـە و پشـتی بەسـتووە بـە میتـۆدی وەسـفی لـە جـۆری رووپێـوی و ئامـرازی فۆرمـی راپرسـی بەکارهێنـاوە. ئامـرازی بەکارهاتـووی ئـەم توێژینەوەیـە پێکدێـت

لەکارکردن لەسەر زانیارییەکانی ناو فۆرمی راپێویی، کە بەسەر ئەورێکخراوە خێرخوازییانەی کە لەلایەن رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمار کراون دابەش کراون.

جۆری سامپڵەکە لەلایەن توێژەرەوە شێوازی راپێویی گشتگیر (کۆڕوومالْ) (مسح الحصر الشامل) بەکارهاتووە، کە بەڕێوەبەر و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و سەرجەم کارمەندانی کارگێڕیی و پەیوەندی گشتیی رێکخراوەکانی رابیتەی مرۆیی، دەستگای خێرخوازی بارزانیی، رێباز فاوندەیشن و دەستگای خێرخوازیی خەڵک، کە بارەگای سەرەکییان لە هەولێری پایتەخت و شاری سلێمانییە ئەگرێتەوە، بە مەبەستی زانینی دید و بۆچوونیان لەسەر رۆڵ و سرووشت و جۆری چالاکییەکانی پەیوەندی گشتیی لە رێکخراوەکانیاندا.

بۆ دیاریکردنی رواڵەتی دروستیی فۆرمی راپرسییەکە، پشتبەستراوە بە پێنج پسپۆری بواری میدیا (د. لانە سابر محەمەد ئیسماعیل، زانکۆی سلێمانی، د. هێرش رەسول موراد، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، د. هێمن مەجید، زانکۆی سلێمانی، د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، زانکۆی سلێمانی، د. کاروان عەلی قادر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی)، دواى هەڵسەنگاندنی فۆرمەکە دەرکەوت کە رێژەی سەدیی رواڵەتە دروستیی بریتییە لە (٪٩٢) ، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزی راستەقینەی راستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە.

لە هەمان کارتدا، بۆ ئەنجامدانی راپێویی توێژینەوەکە، دواى ئەوەی فۆرمەکە لەگەڵ هەڵسەنگێنەرانی بەڕێز هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، بڕی ٧٠ فۆرم بەسەر رێکخراوەکاندا دابەشکرا کە بەمجۆرە بوو (رێکخراوی رابیتەی مرۆیی؛ ٢٠ فۆرم، دەستگای خێرخوازیی بارزانیی؛ ٢٥ فۆرم، رێکخراوی رێباز فاوندەیشن؛ ١٠ فۆرم، رێکخراوی خێرخوازیی خەڵک؛ ١٥ فۆرم) بڕی فۆرمی گەڕاوە بەمشێوەیە بوو ٦٠ فۆرم بووە، بەمشێوەیە (رێکخراوی رابیتەی مرۆیی؛ ١٨ فۆرم، دەستگای خێرخوازیی بارزانیی؛ ٢٠ فۆرم، رێکخراوی رێباز فاوندەیشن؛ ٩ فۆرم، رێکخراوی خێرخوازیی خەڵک؛ ١٣ فۆرم)، لەدوای نووسینەوەی داتای ناو فۆرمەکان تەنها ٥٦ فۆرم پەسەندکران و ٤ فۆرم پووچەڵکرانەوە بەهۆی ناڕوونی داتاکانیان، کە بەمشێوەیە بووە (رێکخراوی رابیتەی مرۆیی؛ ١ فۆرم، دەستگای خێرخوازیی بارزانیی؛ ٢ فۆرم، رێکخراوی رێباز فاوندەیشن؛ ٠ فۆرم، رێکخراوی خێرخوازیی خەڵک؛ ١ فۆرم).

لەدوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان، دووبارە بەسەر ١٥ لەسەدی ئەو کەسانەدا دابەشکرانەوە و بەهای جێگیری بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شیوەیەکی گشتیی بە ریگەی (مقایس کرونباخ الفا) ئەکاتە (٠,٩٣٥) کە گەورەترە لە بەهای (٠,٦٥) و ئەمەش بەهایەکی باش دەرئەخات و ئاماژەیە بۆ جێگیریی باش لە پرسیارەکاندا.

توێژینەوەکە لە شوبات، ئازار و نیسانی ٢٠٢٣ دا بەجێهێنراوە؛ هۆکاری دیاریکردنی ئەو سێ مانگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە مانگی شوباتی هەمان ساڵ بومەلەرزەیەکی وێرانکەر لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان روویدا، لە ماوەی مانگەکانی شوبات، ئازار و نیساندا رێکخراوە خێرخوازییەکان هەڵمەت و هاوکارییان بۆ زیانلێکەوتوانی بومەلەرزەکە کۆکردەوە. بە مەبەستی کارکردن لە بوارێکی فراواندا، لە هەرێمی کوردستان دا هەردوو پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی گرتۆتەوە، هۆکاری دیاریکردنی ئەم دوو پارێزگایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە دوای بومەلەرزەکە لەم دوو پارێزگایە هەڵمەت کرا و هاوکاری بۆ لێقەوماوانی رووداوە سرووشتییەکە کۆکرایەوە. ئەو کەسانەش کە ئەم رووپێوییە گرتوونیەتەوە ، بریتیین لە :بەڕیوەبەر، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان، کارگێڕیی و راگەیاندنی هەر چوار رێکخراوی (رابیتەی مرۆیی، دەستگای خێرخوازیی بارزانیی، رێباز فاوندەیشن و دەستگای خێرخوازیی خەڵک) دیاریکراون، چونکە کاری ئەم کەسانە پەیوەندیدارە لەگەڵ پەیوەندییە گشتییەکاندا.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکـەم: توێژینـەوەی (زیـرەک حەمـەد) ئـەم توێژینەوەیـە لـە سـاڵی (٢٠٢٠) کـراوە، بەناونیشـانی (تێگەیشـتنی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بـۆ پەیوەندییـە گشـتییەکان چۆنـە و چـۆن کاری پێئەکـەن؟ دەسـتگای خێرخـوازی بارزانیـی و دەسـتگای ڕوانگـە بـە نمونـە وەرگیـراون)، پێشـکەش بـە زانکـۆی (وۆڵڤەرهامپتـۆن) لـە بریتانیـا کـراوە، پشـتی بەسـتووە بـە میتـۆدی وەصفـی ڕووپێویـی و ئامـڕازی چاوپێکەوتنـی بەکارهێنـاوە، ئـەم توێژینەوەیـە پرسـیارکردنە لـە ئـەو ڕۆڵـەی کـە پەیوەنـدی گشـتیی ئەیبینێـت لـە کاری ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا، گرنگتریـن ئامانجـی توێژینەوەکـە، زانینـی ئـەوەی کـە چـۆن ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان پێناسـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەکـەن، شـیکردنەوەی چۆنێتـی پەیڕەوکردنـی چالاکییەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لەلایـەن ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکـە بـەوە گەیشـتووە کـە چالاکییەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لەنـاو ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی گشـتیی سـتراتیژییان ئەوەیـە پەیوەنـدی و پێناسـەی خۆیـان و هاوبەشـەکانیان بکـەن.

هەروەهـا زۆربـەی چالاکـی پەیوەنـدی گشـتیی لـە ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی پەیوەندییـە میدیاییەکانـەوە ئەبێـت.

پەیوەندییـە گشـتییەکانی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان کار بـۆ ئـەوە ئەکـەن پەیوەندییەکـی بـاش لەنێـوان ڕێکخراوەکەیـان و بەخشـەرەکانیان درووسـت بکـەن.

لـە ڕووی جـۆر و میتـۆد و کۆمـەڵ و سامپڵەوە توێژینەوەکـە نزیکـی ئـەم توێژینەوەیەیـە و توێـژەر سـوودی لـێ بینیـوە لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە، بـە تایبەتـی ڕۆڵـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـدا.

دووەم: توێژینـەوەی (د.عریـق لطیفـە و ا.د. هویـدی عبدالباسـط) ئـەم توێژینەوەیـە لـە سـاڵی (٢٠٢١) کـراوە، بەناونیشـانی (دور العلاقـات العامـة فـی وضـع اسـتراتیجیة تضمـن للجمعیـات الخیریـة الاسـتمرار فـی نشـاطها-جمعیة ایثـار لرعایـة الایتـام انموذجـا)، پێشـکەش بـە زانکـۆی (الـوادی) لـە جەزائیـر کـراوە، پشـتی بەسـتووە بـە میتـۆدی وەصفـی ڕووپێویـی و ئامـڕازی فۆڕمـی ڕاپرسـی بەکارهێنـاوە، ئـەم توێژینەوەیـە پرسـیارکردنە لـە ئـەو ڕۆڵـەی کـە پەیوەنـدی گشـتیی ئەیبینێـت لـە دانانـی سـتراتیژییەتی کۆمەڵـە ناحکومییـەکان بـۆ بەردەوامبوونـی چالاکییەکانیـان، گرنگتریـن ئامانجـی توێژینەوەکـە، تێگەیشـتن لـە چەمکـی سـتراتیژییەت و پلاندانانـی سـتراتیژییی، دانانـی سـتراتیژیی تایبـەت بـە بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـە خێرخوازییـەکان.

## سێیەم: ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

لێرەدا درێژەیەک بە وردەکاریی پێناسە و کار و ئامانج و بەرنامەی ڕێکخراوەکان دراوە وەک:

پێناسەیەك:

کۆبوونـەوەی چەنـد کەسـێک یـان چەنـد لایەنێـک یاخـود چەنـد بزوتنەوەیـەک بـۆ مەبەسـتێکی دیاریکـراو و بـە ئامانجـی بەدەسـتنەهێنانی قازانـج، ئـەوا ئـەو کۆبونەوەیـە پێـی دەوترێـت ڕێکخـراوی ناحکومـی قازانـج نەویسـت. (عبداللـە، ٢٠١٤، ٤٠)

ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان ئـەو ڕێکخـراوە پیشـەییانەن کـە قازانـج نەویسـت و تایبەتمەنـدن، کەسـایەتییەکی یاسـاییان

هەیە و گرنگیی دەدەن بە بەدیهێنانی ئامانجی گەیشتن بە خۆشبەختی لە جیهاندا. (خالید و ابراهیم، ٢٠١٢، ٥٠) هەروەها دکتۆر ئەحمەد ئەبو وەفا لە پێناسەی ئەو ڕێکخراوانەدا دەڵێت: ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەو ڕێکخراوانەن کە هەوڵ دەدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کە ئامانجی تێکەڵکراون و لە ڕێگەی جۆری ئامانجەکەیان ئەیانناسینەوە کە ئەویش لە بەرنامەی کاریان دیاریکراوە. (احمد، ١٩٨٥، ٢٢٠)
لەئەنجامدا ئەتوانین بگەین بەم پێناسەیە:
ڕێکخراوە ناحکومییەکان: ئەو ڕێکخراوانەن کە قازانج نەویستن و کەسایەتییەکی یاساییان هەیە، ئامانج و کاریان بەدیهێنانی خۆشگوزەرانییە لە جیهاندا.

ئامانجەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان: (ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٧، ٢٠٢٣/٨/١٦)

نەتەوە یەکگرتووەکان لە باسکردنی ئامانجەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دەڵێت ئامانجی ئەو ڕێکخراوانە بریتین لە:

کۆتاییهێنان بە هەژاریی لە سەرتاسەری جیهاندا.
پاراستنی هەسارەکەمان.
دڵنیابینەوە هەموو هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ئاشتیيانەی پێشکەوتوو ژیان بەسەر ببەن.
پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکان.
کارکردن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.
هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی یەخەی ئەگرێت.

ئەرکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: (عەبدولخالق، ٢٠٠٩، ٦٨-٧٩)
١- بەدیهێنانی یاسا و ڕێککاری لەناو کۆمەڵگە:
٢- بەدیهێنانی دیموکراسێتیی:
٣- پێگەیاندن و پەروەردەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی:
٤- پاراستنی مافەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی تاک:
٥- میانگیریی و بەیەکگەیاندن:
٦- بەشداریی و گوزارشتکردنی تاک و کۆمەڵەکان:
٧- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و یارمەتیدانی لێقەوماوان:
٨- بەدیهێنانی هاریکاریی کۆمەڵایەتیی:
٩- گەشەپێدانی گشتگیر:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (٤ چوار) ڕێکخراوی خێرخوازیی بە نموونە وەرگرتووە و فۆرمی ڕاپرسی بەسەردا دابەشکردوون، هۆکاری دیاریکردنی ئەو چوار ڕێکخراوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مانگەکانی شوبات، ئازار و نیسانی (٢٠٢٣) و لەکاتی ڕوودانی بومەلەرزەکانی تورکیا، ئەم چوار ڕێکخراوە بەشێوازی جیاواز لە شارەکانی (هەولێر و سلێمانی) بەشدارییان کردووە لە کاری خێرخوازیی بۆ قوربانیانی ڕووداوە سروشتییەکە، ئەو

ڕێکخراوانـەش بریتیـن لەمانـە:

- ڕێکخراوی رابیتەی مرۆیی: (ماڵپەڕی ڕێکخراوی رابیتەی مرۆیی، ٢٠٢٣/٨/١٦)
ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆیە و ناسـنامەیەکی خێرخوازیـی هەیـە، لـە مانگـی حوزەیرانـی ١٩٨٨ لـە وڵاتـی تورکیـا لەسـەر دەسـتی (دکتـۆر عەلـی محێدیـن قەرەداغـی) دامەزرێنـدراوە و خـۆی بـووە بـە سـەرۆکی ڕێکخراوەکـە، یەکـەم کۆنگرەی ڕێکخراوەکـە لـە هەمـان سـاڵدا ئەنجامـداوە.
پاشـان هەمـان سـاڵ مۆڵەتـی فەرمـی لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا وەرگرتـووە و تۆمارکـراوە، لقەکانـی خـۆی لـە وڵاتانـی (سـوید، بریتانیـا و ئەڵمانیـا) کردووەتـەوە.
دەستگای خێرخوازیی بارزانیی: (ماڵپەڕی دەستگای خێرخوازیی بارزانیی، ٢٠٢٣/٨/١٦)
دەسـتگای خێرخوازیـی بارزانیـی، دەسـتگایەکی ناحکومـی و ناسیاسـی و قازانـج نەویسـتە، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ لـە هەولێری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان-عێراق دامـەزراوە و (مـەسرور بارزانیی) سـەرۆکی بـۆردی دامەزرێنەرانی دەسـتگاکەیە.
مۆڵەتـی کارکردنـی لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و حکومەتـی عێـراق وەرگرتـووە، هەروەهـا لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لەسـاڵی (٢٠١٦) مۆڵەتـی کارکردنـی پێـدراوە.
ڕێکخراوی ڕێباز فاوندەیشن (ماڵپەڕی ڕێباز فاوندەیشن، ٢٠٢٣/٨/١٧)
دامەزراوەیەکـی ناحکومـی ئەهلـی قازانـج نەویسـتە و سـەربەخۆ کارئـەکات بەبـێ گوێدانـە لایەنـی ڕەگەزنامـە، نەتـەوە، دیـن، بیـروڕای سیاسـی و ناوچەیـی بەمەبەسـتی گەشـەپێدانی کۆمەڵگـە لـە ڕێگـەی بـرەودان بـە بوارەکانـی تەندرووسـتی و پـەروەردە و مرۆیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێراقـدا.
ڕێبـاز فاوندەیشـن لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٧ لـە وڵاتـی بریتانیـا لەلایـەن کۆمەڵێـك گەنجـی چـالاک و بـە ئەمەکـەوە دامـەزراوە و سـەرەتای دەسـتپێکردنی پرۆژەکانـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٨ کـە بـە شـێوازێکی ڕەسـمی لـە فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تۆمـار کـراوە.
ڕێکخراوی خێرخوازیی خەڵک: (ماڵپەڕی خەڵک، ٢٠٢٣/٨/١٨)
ڕێکخـراوی خێرخوازیـی خەڵـک، لـە سـاڵی ٢٠١٠، وەک بەشـێک لـە هەوڵـە خێرخوازییەکانـی گروپـی کۆمپانیاکانـی (بەڕێز) دەسـتبەکاربووە و لـە سـاڵی ٢٠١٤دا بـە فەرمـی لـە لایـەن فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانـی حکومەتـی هەرێمـەوە فەرمانـی کارگێڕیـی بـۆ دەرچـووە و دەسـتبەکاربووە.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکـە بـەوە گەیشـتووە کـە چالاکییەکانـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لەنـاو کۆمەڵـەی ایثـار لەژێـر سەرپەرشـتی هۆبـەی تایبـەت بـە بەرژەوەنـدی و کارگێڕیـی پەیوەندییـە گشـتییەکاندا ئەنجامنادرێـت، بەڵکـو بەشـی کارگێڕیـی دەسـتەکە خـۆی بەڕێـوەی دەبـات، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی هۆشـیاری پێویسـت دەربـارەی پیشـەی پەیوەندییـە گشـتییەکان و تێکەڵکردنیەتـی بـە ئەرکەکانـی تـر، هەروەهـا تێنەگەیشـتنە لـەو ڕۆڵـەی ئـەم پیشـەیە ئەیبینێـت لـە کۆمەڵـدا.
دانانـی پـلان و سـتراتیژییەتی کۆمەڵەکـە بـۆ ڕاکێشـانی ئەندامانـی نـوێ بـۆ فراوانکردنـی چالاکییەکانـی هەمـان ئـەو سـتراتیژیی و پلاندانانەیـە کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەتوانێـت بەدییـان بهێنێـت.
لـە ڕووی جـۆر و میتـۆد و کۆمـەڵ و سامپڵەوە توێژینەوەکـە نزیکـی ئـەم توێژینەوەیەیـە و توێـژەر سـوودی لـێ بینیـوە لـە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

### چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکان:

ڕۆڵ (Role): بە مانای کۆمەڵێک ڕێکار دێت لە کۆمەڵدا کە لە ڕێگەیەوە سرووشتی ڕەفتاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵە ئەزانرێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی تایبەتمەنددا.

پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations): کۆمەڵێک چالاکی کارگێڕیی پێکەوە گرێدراوە، کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بۆ کاراکردن و باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانیان ئەکرێت.

کارایی (Performance): بەکارهێنانی باشترین کەرەستەی بەردەستە بۆ بەدەستهێنانی قەبارە و ئاستی دیاریکراو و ویستراو لەئەنجامەکان بە کەمترین تێچوو.

ڕێکخراو (Organization): یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ئامانجدارە، کۆبوونەوە یاخود گردبوونەوەیەکی هەماهەنگیی چەند کەسێکە کە چالاکانە لە سنوورێکی دیاریکراو و ڕووندا کارئەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان (Nongovernmental Organizations): ئەو ڕێکخراوانەن کە کار بۆ بەرژەوەندی گشتیی ئەکەن و ناچنە ژێر باری حکومەت و دەستگا نێودەوڵەتییەکان، بەڵام ئەتوانن هاوکاری دارایی و پشتیوانی لە حکومەت و لایەنە نێودەوڵەتییەکان وەربگرن بەبێ ڕەقابەی حوکومیی.

هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region): بریتییە لەو بەشەی کوردستان کە دەکەوێتە سنووری دەوڵەتی عیراقەوە، سەرەڕای ئەوەی نیشتمان یان خاکی کوردانە و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام فرە نەتەوە و فرە ئایینیشە، لە ئەدەبیاتی کوردییدا باشوری کوردستانە، بەڵام لەڕووی دەستوری و یاساوە هەرێمێکی فیدراڵییە و لە دەستوری نوێی عیراقدا دانی پێدانراوە.

## بەشی دووەم: زانیارییینامەی توێژینەوەکە (تیۆرینامە)

### پەیوەندییە گشتییەکان:

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان پێکهاتووە لە (پەیوەندی Relations) و (گشتیی Public) کە (پەیوەندی) بە مانای پرۆسەی پەیوەندی و گەیشتن بە یەکتریی دێت بۆ تاکەکان یان پرۆسەی گەیشتنی نێوان دامەزراوەیەک و کۆمەڵێک کەسە، هەروەها (گشتیی) ئاماژەیە بۆ هەر کۆمەڵێک لە کۆمەڵگە یاخود بریتییە لە جەماوەری دامەزراوە یان ڕێکخراو. (محمد، ٢٠١٦، ٣٩-٤٢)

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations) سەرەتا لە ئەمریکا بەکارهێنراوە، لە تەواوی جیهانیش بەمجۆرە وەرگیراوە، ئەم بوارە دەکەوێتە ناو پرۆسەی کۆمیونیکەیشن (گەیاندن) کە کۆمیونیکەیشنی نووسراو، زارەکیی یان هەر کردارێکی گەیاندن بێت. (Patrica A, ٢٠٠٧, ٥-٦)

چەمکی (پەیوەندی گشتیی) لەدایکبووی سەردەمی مۆدێرنەیە لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، یەکێکیشە لە فەلسەفەکانی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ، هەندێک لە توێژەران ئەڵێن ئەم بوارە هونەرە، هەندێکی تریان ئەڵێن زانستە، بۆچوونی ترش هەیە کە پێی وایە لە یەک کاتدا هونەر و زانستییشە، ئەکرێت بڵێین پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و ئامانجی درووستکردنی کاریگەرییە لەسەر جەماوەر. (علی و کریمان، ٢٠٠٨، ٩)

پەیوەندییە گشتییەکان هونەرێکە لەسەر بنەمای زانستیی وەستاوە و پرۆسەیەکە بۆ گەڕان بەدوای گونجاوترین ڕێگەی سەرکەوتوو بۆ مامەڵەکردن لەنێوان دەستگا و جەماوەرەکەی لە ناوەوە و دەرەوە، پێوەری کۆمەڵایەتی و

یاسا و ئاکاری کۆمەڵ رەچاو ئەکات. (منال، ٢٠١٥: ٢٨-٢٩)
لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە ئەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان بکەین:
پەیوەندییە گشتییەکان هونەر و زانستییشە لە هەمان کاتدا، پرۆسەیەکی کۆمیونیکەیشنە و ئامانج لە پەیوەندییە گشتییەکان گەیشتنە بە ئەنجامێکی باش و کاریگەریی لەسەر جەماوەر درووست ئەکات.

## ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:

پەیوەندییە گشتییەکان لە رێگەی جێبەجێکردنی چەند چالاکییەکی جیاوازەوە ئامانجەکانی بەدی ئەهێنێت، لێرەشەوە ئەتوانین ئەرکەکانی دیاری بکەین.
گەڕان: مەبەست لەم ئەرکە ئەنجامدانی توێژینەوە و گەڕانە بۆ پێوانەکردنی ئاڕاستەکانی رای گشتی لەنێوان جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی دەستگاکان، راستیی و زانیاریی تایبەت بەو بابەتە کۆئەکاتەوە، دواتر ئاستی سەرکەوتویی هەڵمەت و چالاکییەکانی دەستگاکە دیاری ئەکات.
پەیوەندییە گشتییەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و پێشتر بۆ زانینی ئاڕاستەی جەماوەر گریمانە دادەنرا، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشچوونی زانستیی و تەکنەلۆجی، رێگەی زانستیی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئاڕاستە و بۆچوونی جەماوەر دیاری ئەکرێت و زانیاری و هێڵکاری جیاواز بۆ توێژینەوە لە کێشەکە ئەخاتەڕوو.
هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان توێژینەوە ئەکات لەبارەی بەرەوپێشچوونە بەردەوامەکان کە لە دۆخی ئابوری، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی رووئەدات، هەروەها ئەگەڕێت و شیکردنەوە بۆ هەموو ئەو بابەتانە ئەکات کە لەلای کارگێریی باڵای دامەزراوەکە جێی بایەخە، هەروەها توێژینەوەکان بنەما هونەرییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەگرێتەوە، شیکردنەوە بۆ هۆکار و ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە ئەکات وەک رۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و سینەما، هەروەها پێوانەی ئاستی سەرکەوتوویی هەڵمەتەکانی راگەیاندن ئەکات کە دامەزراوەکە پێی هەڵئەستێت، هەروەها دیاری ئەکات کە کام ئامرازی راگەیاندن زیاتر چالاکە، هەروەها دەکۆڵێتەوە لەو بەرەو پێشچوونانەی پەیوەندییە گشتییەکان بەخۆیەوە بینیویانە، هەروەها ئەکۆڵێتەوە لە بۆچوون و ئاڕاستەی سەرکردەی راکان لە مەنهەجەکان، وەک مامۆستایان، سەرۆکی سەندیکا و پیاوانی کار. (حنان، ١٩٩٧، ٨٧-٨٨)

پلاندانان: مەبەست لێی دیاریکردنی هۆکارە جیاوازەکانی راگەیاندنە کە لەگەڵ جەماوەردا بگونجێت، دواتر ئەو شێوازە دیاری ئەکات بۆ پەیوەندییگرتن لەگەڵ جەماوەردا کە مەبەستدارە، وەک دەستەکان و تاکە خۆبەخشەکان و سەرکردەی راکان و سەرجەم ئەو لایەنانەی کە تایبەتمەندن بە چالاکیی دەستگاکە، ئەوەش بە مەبەستی جێبەجکردنی پلانە جیاوازەکان کە پێشتر دارێژراون. (د.جابر، ١٩٩٩، ٩٩-١٠٠)
پەیوەندیکردن: مەبەست لێی دیاریکردنی دەستگا راگەیاندنە جیاوازەکانە کە گونجاون لەگەڵ جەماوەردا، دواتریش دیاریکردنی ئەو شێوازی پەیوەندیگرتنەیە لەگەڵ جەماوەردا کە مەبەستدارە.
پەیوەندیکردن چالاکییەکە کە لە رێگەیەوە زانیارییەکان ئەگوێزرێتەوە، ئەکرێت زانیارییەکان نامەی دەمیی، نووسراو، وێنە یاخود ئاماژەی دەربڕین بێت، پەیوەندیکردنەکەش یەک ئاڕاستە نابێت، بەڵکو دوو ئاڕاستە ئەبێت.
هەروەها بە مانای جێبەجێکردنی پلان دێت و پەیوەندیکردنە لەگەڵ جەماوەری بە ئامانجگیراو، دیاریکردنی ئامرازی راگەیاندنی گونجاوە لەگەڵ سەرجەم جەماوەرەکاندا، هەروەها بەستنی کۆنگرە و کۆڕ، بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و وێنە، هەروەها پارێزگاری لەو کتێبخانەیە ئەکات کە دۆکیۆمێنتە مێژووییەکانی تێدایە، فێستیڤاڵ و پێشانگەی تایبەت و کۆڕبەند و سیسمینارەکان رێک ئەخات.

دەستگای پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕییشی هەیە و خزمەتگوزاری پێشکەش سەرجەم کارگێڕییەکان ئەکات و هاوکارییان ئەکات ئەرکەکانی خۆیان بەباش بەڕێوە ببەن کە وابەستەیە بە جەماوەرەوە، بۆ نموونە هاوکاری کارگێڕیی بەشی کاروباری کرێکاران ئەکات و یارمەتییان ئەدات لە هەڵبژاردنی کارمەند و کرێکاری مەشقپێکراو، هەروەها سەرجەم ئەو پێویستییانە دابین ئەکات کە پێویستن بۆ گرنگییدان بە تەندرووستی و پێگەیاندنی رۆشنبیرییان.

پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵ ئەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سەرکردە خاوەن رایەکان لە کۆمەڵگە، ئەوەش بە خستنەڕووی راستییەکان بۆیان، ئەوەش لەناو ئۆفیسی دامەزراوە یاخود لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە ئەبێت، هەروەها خولی سالانە رێک ئەخات و هەوڵ ئەدات پەیوەندی باش لەگەڵ پەیمانگەکانی مەشقپێکردن دروست بکات بۆ ئەوەی لەو پەیمانگەیانە خولی مەشقپێکردن بۆ کارمەند و کرێکارەکانی بکاتەوە.

هەروەها هاوکاری جەماوەر ئەکات کە راوبۆچوونی خۆیان هەبێت و سەرجەم زانیارییەکانیان بۆ ئەگوازنەوە تا بتوانن را و بۆچوونەکانیان لەسەر بنەمای راستیی و دروستیی بێت.

هاوکات هەوڵ ئەدات گۆڕانکاری مەبەستدا لە بۆچوون و ئاڕاستەی رای گشتیی دروست بکات و وای لێ بکات لە بەرژەوەندی دامەزراوەکە بێت، ئەوەش لە رێگەی ئەوەوە ئەبێت کە دامەزراوەکە ئاگادار ئەکاتەوە لەسەرجەم ئەو بەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییانەی کە لە رای گشتیی دا دروست بوون. (د.هدی، ١٩٩٧، ٥١-٥٢)

هاریکاریی: بەدیهێنانی پێکبەستن و هاریکارییە لە نێوان سەرجەم چالاکییەکانی پەیوەندی گشتیی و چالاکییە کارگێڕییەکانی تری دەستگاکە، ئامانج لەوەش لە کۆتاییدا گەیشتنە بە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی دەستگاکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە سەرکەوتوویی.

هەروەها کارئەکات بۆ ئەوەی وەک ئەڵقەیەکی پەیوەندیی و ئامرازی هاریکاریی بێت لەنێوان کارمەند و کەسایەتییە جیاوازەکان، هەروەها لەنێوان ئاستی بەرز و نزمیشدا، هەروەها هاریکاریی دروست ئەکات لە نێوان کارگێڕیی بەکاربەر و بە بازاڕکردن، کارگێڕیی کڕیار و بەرهەمهێنەرەکان.

هەلی گونجاو ئەڕەخسێنێت بۆ بەشداریی و هاریکاریی لەگەڵ رێکخراوەکانی تر، ئەوەش لە پێناو بەرژەوەندیی هاوبەشی دامەزراوەکان و گەیشتن بەو ئاستی سوودمەندییەی کە پێویستە، ئەوەش جێبەجێکردنی ستراتیژیی پەیوەندییکردنە کە لە قۆناغی پلاندانانەدا دیاریکراوە.

هەڵسەنگاندن: ئەم ئەرکەی پەیوەندییە گشتییەکان خۆی ئەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە چالاکییە کارگێڕییەکانی دەستگاکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستگاکەیە بەسەرکەوتوویی. (عبداللە، ٢٠١٥، ٤٠-٤٢)

## ئامانجەکانی پەیوەندیی گشتیی:

پێویستە بەشی پەیوەندیی گشتیی لەناوخۆی هەموو دامەزراوە و رێکخراوێکدا هەبێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئەیانخەینەڕوو: (د.محمد، ٢٠٠١، ١٧-٢٠)

١- بنیادنانی وێنای زیهنیی باش لەبارەی رێکخراو لەلای جەماوەر و پاراستنی کەسێتیی و ناو و ناوبانگی رێکخراو.

٢- بەهێزکردنی پەیوەندی رێکخراو لەگەڵ دام و دەستگاکانی تر و هەروەها رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن و هاوکاریی و هەماهەنگیکردن لەگەڵیاندا لە بواری پەیوەندی راگەیاندن بە پێدانی هەواڵ و زانیاریی راست و دروست و بانگهێشتکردنیان بۆ کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانی تایبەت بە رێکخراو.

٣- سەرپەرشتیکردنی سەرجەم کار و چالاکییەکانی رێکخراو لە بواری راگەیاندن و پەیوەندیکردندا، وەکو دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ناوخۆیی و کردنەوە و سەرپەرشتییکردنی راستەوخۆی وێب سایتی رێکخراو و ریکلام و پێشوازیی و بانگهێشتکردنی میوان و نێردراو (وفد) و بەستنی کۆڕ و کۆبونەوە و سیمیناری رۆشنبیریی و جەماوەریی و

سازدانی ئاهەنگ لە بۆنە و یادە تایبەتییەکاندا و بەشدارییکردن لە پێشانگەکاندا و ...هتد.
٤- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەریی لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ کار و پرۆژە و بەرنامەکانی رێکخراو و ئەنجامدانی راپرسی و توێژینەوەی زانستیی بۆ زانین و پێوانەکردنی رای گشتیی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و بەشداریکردن لە پرۆسەی پلاندانان و دەرکردنی بڕیار و پەرەپێدانی رێکخراو لە رێگەی پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو بۆ ئەنجومەنی باڵای بەڕێوەبردنی رێکخراو و پێداچوونەوە بە فەلسەفە و بەرنامەی کاری رێکخراوەکە.
٥- بەرپەرچدانەوەی سەرجەم ئەو پروپاگەندە و هەواڵە هەڵبەستراو و هێرشە ناڕەوایانەی کە لەلایەن کەسانی ناحەز و کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندنەوە ئەکرێتە سەر رێکخراو و ستافی بەڕێوەبردنی، بە مەبەستی ناوزڕاندن و ناشیرینکردن و لەکەدارکردنی ناووناوبانگیان و پێدانی زانیاریی و روونکردنەوەی پێویست بە جەماوەر و رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن.
٦- بایەخدان بە باری بژێوی کارمەندانی رێکخراو و دادپەروەری لە ماف و ئەرکەکان و پێدانی ئیمتیازات و دابەشکردنی پۆستەکاندا و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و بڕوانامە و ئەزموون و شارەزایی و خۆ دوورگرتن لە دیاردەی خزمایەتی و رەچاوەکردنی لایەنی سیاسیی و ئایینیی و ئایدۆلۆژیی و نەتەوەیی و رەگەزیی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵیی و رۆتین و دەستێوەردانی دەرەکیی و ناوخۆیی لە کاروبارەکاندا.
٧- گوێگرتن لە پێشنیاز و داواکاری کارمەندان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان و بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانیان و بەرزنرخاندنی ئیش و کار و چالاکییەکانیان و رەچاوکردنی مەرجەکانی ژینگەی کارکردن و رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ کارکردن و هەروەها کارکردن بە سیستمی پاداشت و سزا و دەستخۆشیی و بەرزکردنەوەی پلەی (وەزیفیی) و کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و شارەزاییان و راهێنانیان بە باشی لەسەر کاروبارەکان.

# بەشی سێیەم: بەشی کرداریی

## شیکارکردنی زانیارییەکانی فۆڕمی راپێویی:

یەکەم: تایبەتمەندییەکانی نموونەپشکنینی (سامپڵی) توێژینەوەکە

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە خشتەی (١) روونکراوەتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە، رەگەزی (نێر) کە ٣٦ کەسن لەکۆی ٥٦ کەس، ئەمەش ئەکاتە رێژەی (٦٤,٣٠٪) لە کاتێکدا ٢٠ کەسیان لە رەگەزی (مێ)ن، بەم هۆیەشەوە رێژەی رەگەزی مێ ئەکاتە (٣٥,٧٠٪)، هەروەها تیایدا دەردەکەوێت کە بەرزترین ئاستی تەمەن بریتیە لە تەمەنی (٣٤ -٤١) ساڵ کە بە ئاستی یەکەم دائەنرێت و رێژەکەی (٣٠,٤٠٪)ە، هەروەها ئاستی دووەم لە (تەمەن) بریتیە لە تەمەنی (٢٦ – ٣٣) ساڵ، کە رێژەکەی (٢٨,٦٠٪)ە، لە کاتێکدا نزمترین ئاستی تەمەن بریتیە لە تەمەنی (٤٢ – ٤٩) ساڵ و رێژەکەی (٨,٩٠٪)یە، هاوکات بەرزترین ئاستی خوێندەواریی بریتیە لە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) کە بە ئاستی یەکەم دائەنرێت و رێژەکەی (٦٤,٢٠٪)ە، هەروەها پلەی دووەم لە ئاستی خوێندەواریی بریتیە لە بڕوانامەی (دپلۆم) و رێژەکەی (١٦,١٠٪)ە، هەروەها پلەی سێیەم لە ئاستی خوێندەواریی بریتیە لە بڕوانامەی (ئامادەیی) کە رێژەکەی (٧,١٠٪)ە، هەر لە خشتەکەدا ئاستی پسپۆڕی بڕوانامەی (پەیوەندیی گشتیی) بە ریزبەندی یەکەم دائەنرێت و رێژەکەی (٢٨,٦٠٪)ە، هەروەها ئاستی پسپۆڕی (کارگێڕیی) بە رێژەی (٢٦,٧٠٪) لە ریزبەندی دووەمدایە، هاوکات ئاستی پسپۆڕی (راگەیاندن) بە رێژەی (٢٥,٠٠٪) لە ریزبەندی سێیەمدایە.

خشتەی (١)

تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە | | دووبارەبوونەوەکان | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 64.3 | 1 | 36 |
| | مێ | 35.7 | 2 | 20 |
| تەمەن (ساڵ) | 18 – 25 | 7 | 12.50 | 4 |
| | 26 – 33 | 16 | 28.60 | 2 |
| | 34 –41 | 17 | 30.40 | 1 |
| | 42 – 49 | 5 | 8.90 | 5 |
| | 50 ساڵ و زیاتر | 11 | 19.60 | 3 |
| ئاستی بڕوانامە | بنەڕەتی | 0 | 0 | 6 |
| | ناوەندی | 3 | 5.40 | 4 |
| | ئامادەیی | 4 | 7.10 | 3 |
| | دیپلۆم | 9 | 16.10 | 2 |
| | بەکالۆریۆس | 36 | 64.20 | 1 |
| | ماستەر | 3 | 5.40 | 4 |
| | **دکتۆرا** | 1 | 1.80 | 5 |
| پسپۆڕی بڕوانامە | **پەیوەندیی گشتیی** | 16 | 28.60 | 1 |
| | **کارگێڕیی** | 15 | 26.70 | ٢ |
| | **ڕاگەیاندن** | 14 | ٢٥,٠٠ | ٣ |
| | **پسپۆڕی تر** | 5 | 8.90 | 4 |
| | **رامیاری** | 3 | 5.40 | 5 |
| | **یاسا** | ٢ | ٣,٦٠ | ٦ |
| | **پەیوەندی دیپلۆماسی** | 1 | 1.80 | 7 |
| ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی | **١-٥ ساڵ** | 19 | 33.90 | 1 |
| | **زیاتر لە ١٥ ساڵ** | 14 | 25.00 | 2 |
| | **٦-١٠ ساڵ** | 8 | 14.30 | 3 |
| | **١١-١٥ ساڵ** | 8 | 14.30 | 3 |
| | **کەمتر لە یەک ساڵ** | 7 | 12.50 | 4 |

لە خشتەکەدا ئەوەش هاتووە کە ئاستی (پسپۆڕی تر) بە ڕێژەی ( ٨,٩٠٪) لە ریزبەندی چوارەمدایە، ئاستی پسپۆڕی (رامیاری) بە ڕێژەی (٥,٤٠) لە ریزبەندی پێنجەمدایە، ئاستی پسپۆری (یاسا) بە ڕێژەی (٣,٦٠٪) لە ریزبەندی شەشەمدایە، ئاستی پسپۆری (پەیوەندی دیپلۆماسی) بە ڕێژەی (١,٨٠٪) لە ریزبەندی حەوتەمدایە. لەکۆتاییشدا بەرزترین ئاستی ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی بۆ ماوەی (١-٥ ساڵ)ەو بە ریزبەندی یەکەم دائەنرێت کە ریژەکەی (٣٣,٩٠٪)یە، هەروەها ئاستی دووەم لە (ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی) بۆ ماوەی (زیاتر لە ١٥ ساڵ)ەو رێژەکەی (٢٥,٠٠٪)ە، ئاستی سێیەمیش لە ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی (٦-١٠ ساڵ)ە بە ڕێژەی (١٤,٣٠٪)، هاوکات ماوەی (١١-١٥ ساڵ) بۆ ئاستی ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی بە هەمان ڕێژەی (١٤,٣٠٪)، لە پلەی سێیەمدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە نزمترین ئاستی ئەزموونی کارکردنی ڕێکخراوەیی بریتیە لە (کەمتر لە یەک ساڵ) بە ڕێژەی (١٢,٥٠٪).

## دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

تەوەری یەکەم: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا

خشتەی (٢)

(ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا)

| ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا | هەرگیز<br>ژ<br>٪ | هەندێکجار<br>ژ<br>٪ | هەمیشە<br>ژ<br>٪ | ناوەندە ژمارەیی<br>Mean | لادانی پێوانەی<br>S.D | گرنگیی ڕێژەیی<br>RI | ئەنجام<br>Result |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێکخراوەکەت بۆ زانینی بۆچوونی هاووڵاتیان لەسەر کار و چالاکییەکانی ڕاپرسی ئەنجامداوە | 10<br>17.86 | 38<br>67.86 | 8<br>14.29 | 1.96 | 0.571 | 65.48 | هەندێکجار |
| ڕێکخراوەکەت لە داڕشتنی پلان و بەرنامەکانیدا پشت بە ڕاسپاردەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەبەستێت | 10<br>17.86 | 30<br>53.57 | 16<br>28.57 | 2.11 | 0.679 | 70.24 | هەندێکجار |
| بەشی پەیوەندیی گشتیی ڕێکخراوەکەت پلانی گونجاوی هەبووە بۆ کاتی قەیران و بارە لەناکاوەکان | 5<br>8.93 | 14<br>25.00 | 37<br>66.07 | 2.57 | 0.657 | 85.71 | هەمیشە |
| پەیوەندیی گشتیی ڕێکخراوەکەت زانیاری دەربارەی کار و چالاکی و داهات و خەرجییەکانی بە جەماوەری ناوخۆ و دەرەوە ئەدات | 9<br>16.07 | 17<br>30.36 | 30<br>53.57 | 2.38 | 0.752 | 79.17 | هەمیشە |
| بەشی پەیوەندیی گشتیی هاوکارە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری ڕێکخراوەکەت | 9<br>16.07 | 20<br>35.71 | 27<br>48.21 | 2.32 | 0.741 | 77.38 | هەندێکجار |
| ئایا پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوەکەت بایەخ بەو سکاڵایانە ئەدات کە پێی دەگات | 7<br>12.50 | 19<br>33.93 | 30<br>53.57 | 2.41 | 0.708 | 80.36 | هەمیشە |
| ئەرکە لۆجستی و پرۆتۆکۆلی و میواندارییەکان ڕێکخراوەکەت لەلایەن بەشی پەیوەندیی گشتییەوە جێبەجێدەکرێن | 7<br>12.50 | 21<br>37.50 | 28<br>50.00 | 2.38 | 0.702 | 79.17 | هەمیشە |
| ئایا پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوەکەت سەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ڕێکخراوەکەت ئەکات | 6<br>10.71 | 19<br>33.93 | 31<br>55.36 | 2.45 | 0.685 | 81.55 | هەمیشە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوەکەت بایەخ ئەدات بە بەدیهێنانی دادپەروەری لەنێوان کارمەنداندا | 9 | 12 | 35 | 2.46 | 0.762 | 82.14 | هەمیشە |
| | 16.07 | 21.43 | 62.50 | | | | |
| کۆی گشتیی | 72 | 190 | 242 | 2.34 | 0.695 | 77.91 | هەمیشە |
| | 14.28 | 37.70 | 48.02 | | | | |
| پێوەری لیکارت بۆ (3) بژاردەیی : (١،٠- ١،٦٦: هەرگیز) , (١،٦٧- ٢،٣٣: هەندێکجار) , (٢،٣٤- ٣،٠٠: هەمیشە) | | | | | | | |

خشتەی سەرەوە (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا) ڕوونەکاتەوە: تیایدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (١٤،٢٨٪)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەندێکجار) ئەکاتە (٣٧،٧٠٪)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٤٨،٠٢٪)، ئەمەش دەری ئەخات کە ڕێژەیەکی بەرزی وەڵامدانەوەکان بۆ ئەوەیە کە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان ئاستێکی بەرزی هەیە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان توانیویتی ڕۆڵی هەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا.

لە کاتێکدا ناوەندی ژمارەی کیشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (٢،٣٤) کە دەری ئەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقایسی لیکات الثلاثي) ئەنجامی ئەکاتە (هەمیشە) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە ئەکاتە (٧٧،٩١٪) هەروەها لادانی پێوانەی ئەکاتە (٠،٦٩٥).

## تەوەری دووەم/ئامانجەکان و ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا

١- پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا تاچەند کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە ئەکات؟

خشتەی (٣)

(بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا)

| ئامانجەکان | هەرگیز | هەندێکجار | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگیی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | Mean | S.D | RI | Result |
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| بنیادنانی وێنەی زیهنی باش لەبارەی ڕێکخراو لەلای جەماوەر. | 2 | 19 | 35 | 2.59 | 0.565 | 86.31 | هەمیشە |
| | 3.57 | 33.93 | 62.50 | | | | |
| بەهێزکردنی پەیوەندی ڕێکخراو لەگەڵ دامودەستگاکانی تر و هەروەها ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 3 | 28 | 25 | 2.39 | 0.593 | 79.76 | هەمیشە |
| | 5.36 | 50.00 | 44.64 | | | | |
| هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ کار و پرۆژە و بەرنامەکانی ڕێکخراو. | 3 | 26 | 27 | 2.43 | 0.599 | 80.95 | هەمیشە |
| | 5.36 | 46.43 | 48.21 | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرپەرچدانەوەی سەرجەم ئەو پروپاگەندە و هەواڵە هەڵبەستراو و هێرشە ناڕەوایانەی کە لەلایەن کەسانی دژ و کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەکرێتە سەر ڕێکخراو. | 5 | 26 | 25 | 2.36 | 0.645 | 78.57 | هەمیشە |
| | 8.93 | 46.43 | 44.64 | | | | |
| کۆی گشتیی | 13 | 99 | 112 | 2.44 | 0.601 | 81.40 | هەمیشە |
| | 5.80 | 44.20 | 50.00 | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (3) بژاردەیی : (١,٠- ١,٦٦: هەرگیز) , (١,٦٧- ٢,٣٣: هەندێکجار) , (٢,٣٤- ٣,٠٠: هەمیشە)

خشتەی سەرەوە (بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا( ڕوونئەکاتەوە: لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (٥,٨٠٪)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەندێکجار) ئەکاتە (٤٤,٢٠٪)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٥٠,٠٠٪)، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان توانیوێتی سەرکەوتووانە ئامانجەکانی لە ڕێکخراوەکاندا بەدی بهێنێت.

لە کاتێکدا ناوەندی ژمارەیی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (٢,٤٤) کە دەری ئەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقايسی ليكات الثلاثي) ئەنجامی ئەکاتە (هەمیشە) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەییەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە ئەکاتە (٨١,٤٠٪) هەروەها لادانی پێوانەیی ئەکاتە (٠,٦٠١).

## ٢- پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا تاچەند ئەم ئەرکانە جێبەجێ ئەکات؟

خشتەی (٤)

(ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا)

| ئەرکەکان | هەرگیز ژ | هەندێکجار ژ | هەمیشە ژ | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەی S.D | گرنگیی ڕێژەیی RI | ئەنجام Result |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٪ | ٪ | ٪ | | | | |
| ئەرکی گەڕان | 4 | 23 | 29 | 2.45 | 0.630 | 81.55 | هەمیشە |
| | 7.14 | 41.07 | 51.79 | | | | |
| ئەرکی پلاندانان | 11 | 20 | 25 | 2.25 | 0.769 | 75.00 | هەندێکجار |
| | 19.64 | 35.71 | 44.64 | | | | |
| ئەرکی پەیوەندیکردن | 4 | 22 | 30 | 2.46 | 0.631 | 82.14 | هەمیشە |
| | 7.14 | 39.29 | 53.57 | | | | |
| ئەرکی هاریکاریی | 7 | 15 | 34 | 2.48 | 0.713 | 82.74 | هەمیشە |
| | 12.50 | 26.79 | 60.71 | | | | |

| ئەرکەکان | هەرگیز | هەندێکجار | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگیی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | 18 | 23 | 15 | 1.95 | 0.773 | 64.88 | هەندێکجار |
| | 32.14 | 41.07 | 26.79 | | | | |
| کۆی گشتیی | 44 | 103 | 133 | 2.32 | 0.703 | 77.26 | هەندێکجار |
| | 15.71 | 36.79 | 47.50 | | | | |
| پێوەری لیکارت بۆ (3) بژاردەیی : (١،٠- ١،٦٦: هەرگیز) , (١،٦٧- ٢،٣٣: هەندێکجار) , (٢،٣٤- ٣،٠٠: هەمیشە) | | | | | | | |

خشتەی سەرەوە (ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا) ڕوونئەکاتەوە: تیایدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (٪١٥،٧١)، ڕێژەی وەلأمدانەوە بۆ بژاردەی (هەندێکجار) ئەکاتە (٪٣٦،٧٩)، هەروەها ڕێژەی وەلأمدانەوەی بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٪٤٧،٥٠) واتا ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا مامناوەندە.

لە کاتێکدا ناوەندی ژمارەی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (٢،٣٢) کە دەری ئەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێری (مقاييس ليكات الثلاثي) ئەنجامی ئەکاتە (هەندێکجار) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە ئەکاتە (٪٧٧،٢٦) هەروەها لادانی پێوانەی ئەکاتە (٠،٧٠٣).

تەوەری سێیەم/ پەیوەندییە گشتییەکان لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا:

- کام ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکان چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کاراترئەکات؟

خشتەی (٥)

(ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە کە چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کارائەکات)

| ئەرکەکان | هەرگیز ژ / ٪ | هەندێکجار ژ / ٪ | هەمیشە ژ / ٪ | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پێوانەی S.D | گرنگیی ڕێژەیی RI | ئەنجام Result |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەرکی گەڕان | 2 | 19 | 35 | 2.59 | 0.565 | 86.31 | هەمیشە |
| | 3.57 | 33.93 | 62.50 | | | | |
| ئەرکی پلاندانان | 2 | 24 | 30 | 2.50 | 0.572 | 83.33 | هەمیشە |
| | 3.57 | 42.86 | 53.57 | | | | |
| ئەرکی پەیوەندیکردن | 2 | 17 | 37 | 2.63 | 0.558 | 87.50 | هەمیشە |
| | 3.57 | 30.36 | 66.07 | | | | |
| ئەرکی هاریکاریی | 5 | 19 | 32 | 2.48 | 0.660 | 82.74 | هەمیشە |
| | 8.93 | 33.93 | 57.14 | | | | |
| ئەرکی هەڵسەنگاندن | 9 | 24 | 23 | 2.25 | 0.720 | 75.00 | هەندێکجار |
| | 16.07 | 42.86 | 41.07 | | | | |
| کۆی گشتیی | 20 | 103 | 157 | 2.49 | 0.615 | 82.98 | هەمیشە |
| | 7.14 | 36.79 | 56.07 | | | | |
| پێوەری لیکارت بۆ (3) بژاردەیی : (١،٠- ١،٦٦: هەرگیز) , (١،٦٧- ٢،٣٣: هەندێکجار) , (٢،٣٤- ٣،٠٠: هەمیشە) | | | | | | | |

خشتەی سەرەوە (ئەو ئەرکانەی پەیوەندییە گشتییەکانە کە چالاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کارائەکات) ڕوونئەکاتەوە: لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەرگیز) ئەکاتە (٧,١٤٪)، ڕێژەی وەڵامدانەوەش بۆ بژاردەی (هەندێکجار) ئەکاتە (٣٦,٧٩٪)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هەمیشە) ئەکاتە (٥٦,٠٧٪).

لە کاتێکدا ناوەندی ژمارەی کیشکراو (الوسط الحسابي الموزون – Weight mean) بریتیە لە (٢,٤٩) کە دەری ئەخات ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێرەی (مقاييس ليكات الثلاثي) ئەنجامی ئەکاتە (هەمیشە) هەروەها کە گرنگیی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە ئەکاتە (٨٢,٩٨٪) هەروەها لادانی پێوانەی ئەکاتە (٠,٦١٥).

دەرئەنجام:

لە پاش دەرکەوتنی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپێوییەکە، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

پەیوەندییە گشتییەکان بە ڕێژەی (٤٨,٠٢٪) و بەشێوەیەکی مامناوەند ڕۆڵی هەیە لە کاراکردنی چالاکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بە ڕێژەی (٥٠,٠٠٪) و بەشێوەیەکی ئاستبەرز ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان بەدیهێناوە.

ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بە ڕێژەی (٤٧,٥٠٪) و بەشێوەیەکی مامناوەند توانیویانە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جێبەجێ بکەن.

ئەرکەکانی (گەڕان، پلاندانان، هەڵسەنگاندن، پەیوەندییکردن و هاریکاریی) پەیوەندییە گشتییەکان بە ڕێژەی (٨٢,٩٨٪) و بەشێوەیەکی ئاستبەرز لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە جێبەجێکراون.

ڕاسپاردە:

بە پشتبەست بە دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردە زانستییانە ئەخاتە ڕوو بۆ کەسانی پەیوەندیدار، ئەوانیش:

پشت بەستن بە بنەما سەرەکییەکانی کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێکخراوە ناحوکومی و بەتایبەت خێرخوازییەکاندا و بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەو ڕێکخراوانەدا کارا بکرێن و ڕۆڵیان پێ ببەخشرێت. ئامانج و ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوانە لەگەڵ ئەرک و ئامانجەکانی ڕێکخراوە ناحوکومیی و بەتایبەت خێرخوازییەکاندا یەکئەگرێتەوە، بۆیە پێویستە و ئەبێت ئەو ڕێکخراوانە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە بکەن و ئامانجەکانی بەدی بهێنن.

ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لە داڕشتنی پلان، گەڕان، پەیوەندیکردن و هاریکاریی بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت بە پەیوەندییە گشتییەکان ببەستن و لەڕێی پەیوەندییە گشتییەکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ کار و چالاکی ئێستا و داهاتووشیان بکەن.

پێشنیار:

توێژەر پێشنیاری ئەم بابەتانەی خوارەوە ئەکات کە توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە ئەتوانن کاری لەسەر بکەن، ئەوانیش:

هەوڵبدرێت توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا کاراتر بێت و چالاکییەکانیشی کاراتر بکات.

هاندانی توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و ڕۆڵی پەیوەندییە

گشتییەکان لەو ڕێکخراوانەدا، چونکە ئەو ڕێکخراوانە بۆ بەرژەوەندی گشتیی کارئەکەن.
ڕێکخراوە خێرخوازییەکان سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە وەربگرن بە ئامانجی کاراتر بوونی چالاکییەکانیان.
ئەم توێژینەوەیە وەک توێژینەوەیەکی زانستیی ببێتە بنەمای کارکردن بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی هەرێمی کوردستان، تاوەکو بتوانن لە ئەنجامدانی کارەکانیان کاراتربن.

## سەرچاوەکان:


### کتێبەکان:

عەبدولخالق ابراهیم، ٢٠٠٩، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە درووستبوونی بڕیاری سیاسیدا، هەولێر.

محمد جیاد زین الدین المشهدانی، ٢٠١٦، العلاقات العامة فی المؤسسات السیاحیة، عمان، الاردن.

علی عجوة و کریمان فرید، ٢٠٠٨، ادارة العلاقات العامة بین الادارة الاستراتیجیة و ادارة الازمات، القاهرة، مصر.

حنان فاروق محمد جنید، ١٩٩٧، العلاقات العامة و التنظیم: مدخل اداری، مکتبة عین شمس، القاهرة، مصر.

د.جابر محمد الطماوی، ١٩٩٩، العلاقات العامة: رؤیة علمیة عملیة، القاهرة، مصر.

د.هدی لطیف، ١٩٩٧، العلاقات العامة، الشرکة العربیة للنشر و التوزیع، القاهرة، مصر.

خالد محمد شنیکات و ابراهیم سلیمان الجراحشە، ٢٠١٢، المنظمات غیر الحکومیة و السیاسة العالمیة، عمان. الاردن.

منال هلال المزاهرة، ٢٠١٥، العلاقات العامة الدولیة، عمان، الاردن.

عبدالله احمد عقیلان، ٢٠١٥، ادارة العلاقات العامة، عمان، الاردن.

د.جابر محمد الطماوی، ١٩٩٩، العلاقات العامة: رؤیة علمیة عملیة، القاهرة، مصر.

د.محمد نجیب الصرایرة، ٢٠٠١، العلاقات العامة..الاسس و المبادیء، عمان، الاردن.

عبداللە دنون الصواف، ٢٠١٤، دور المنظمات الدولیة غیر الحکومیة فی دفاع عن حقوق الانسان، الاسکندریة، مصر.

احمد ابو الوفاء، ١٩٨٥، الوسیط فی قانون المنظمات الدولیة، دار النهضة العربیة، القاهرة، مصر.

### توێژینەوەکان:

د.عریق لطیفە و ا.د. هویدی عبدالباسط (٢٠٢١)، دور العلاقات العامة فی وضع استراتیجیة تضمن للجمعیات الخیریة الاستمرار فی نشاطها-جمعیة ایثار لرعایة الایتام انموذجا، رسالة دکتوراة غیر منشورة، جامعة الوادی، جەزائیر.

زیرەک حەمەد (٢٠٢٠)، تێگەیشتنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پەیوەندییە گشتییەکان چۆنە و چۆن کاری پێئەکەن؟ دەستگای خێرخوازی بارزانیی و دەستگای روانگە بە نمونە وەرگیراون، ماستەرنامەیەکی چاپنەکراوە، زانکۆی وۆڵڤەرهامپتۆن، بریتانیا.

## ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

نەتەوەیەکگرتــووەکان،٢٠١٧،me&٧٧٤=nr&٣٠٠٢٢=https://maintenance.un.org/index.php?page=view&type ٣١٧٠=nu، ٢٠٢٣/٨/١٥.

ڕێکخراوی رابیتەی مرۆیی، ٩٢/https://www.hlo-iq.org/ku/viewSinglePost، ٢٠٢٣/٨/١٦.

دەستگای خێرخوازیی بارزانیی، https://bcf.krd/ku/darbara/، ٢٠٢٣/٨/١٦.

ڕێکخراوی ڕێباز فاوندەیشن، Rebaz Foundation، ٢٠٢٣/٨/١٧.

ڕێکخراوی خێرخوازیی خەڵک، https://xelk.org/، ٢٠٢٣/٨/١٨.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

International Public Relations: Negotiating Culture, Identity ,٢٠٠٧ ,Patrica A. Curtin & T. Kenn Gaither .and Power, US

## الملخص:

هـذه الورقـة بعنـوان (دور العلاقـات العامـة في كفـاءة المنظـمات الاهليـة في اقليـم كوردسـتان (المنظـمات الخيريـة انموذجـا)) هـي عبـارة عـن دراسـة مسـح وصفيـة, اسـتخدم الباحـث فيهـا اسـتمارة اسـتبيان بـين موظفـي مؤسسـات (جمعيـة الرابطـة الإنسـانية، مؤسسـة بـارزاني الخيريـة ، مؤسسـة ريبـاز، جمعيـة النـاس الخيريـة).

الدراسـة عبـارة عـن محاولـة علميـة مدروسـة لفهـم دور العلاقـات العامـة في كفـاءة المنظـمات غـير الحكوميـة في اقليـم كوردسـتان للوصـول الى نتيجـة، ان الهـدف مـن هـذه الدراسـة هـو تحديـد وقيـاس دور العلاقـات العامـة في تفعيـل انشـطة المنظـمات غـير الحكوميـة في اقليـم كوردسـتان و اظهـار مـدى اعتـماد موظفـي المنظـمات غـير الحكوميـة عـلى المبـادئ العلميـة للعلاقـات العامـة في تنفيـذ انشـطة منظمتهـم. ايضـا القيـام بواجبـات العلاقـات العامـة في المنظـمات غـير الحكوميـة في اقليـم كوردسـتان. والالمـام بالاجـراءات التـي تتبعهـا العلاقـات العامـة لتفعيـل انشـطة المنظـمات الاهليـة في اقليـم كوردسـتان.

ان مضمـون مشـكلة هـذه الدراسـة هـو عـدم وضـوح دور العلاقـات العامـة في تفعيـل انشـطة المنظـمات الاهليـة في اقليـم كوردسـتان الـذي اجـري في شـباط، اذار و نيسـان ٢٠٢٣ و بعـد مناقشـة الجوانـب النظريـة والعمليـة للموضـوع، تـم التوصـل إلى عـدة اسـتنتاجات

خلـص الباحـث الى ان العلاقـات العامـة تلعـب دورا هامـا في كفـاءة المؤسسـات والمنظـمات الاهليـة في اقليـم كوردسـتان, كـما يسـتفيد موظفـو المنظـمات غـير الحكوميـة ، وخاصـة الجمعيـات الخيريـة ، بشـكل اسـاسي مـن ظائـف العلاقـات العامـة في كفـاءة انشـطة مؤسسـاتهم وتحقيـق اهـداف العلاقـات العامـة.

الكلمات المفتاحية او الاساسية: دور، العلاقات العامة ، كفاءة، المنظمات ، المنظمات غير الحكومية، اقليم كوردستان.

# (The Role of Public Relations in the Effectiveness of the Non-governmental Organizations in the Kurdistan Government, e.g., the charitable organizations).


## ABSTRACT:

This research is called (The Role of Public Relations in the Effectiveness of the Non-governmental Organizations in the Kurdistan Government, e.g., the charitable organizations).

The research is a disruptive study where the researcher used a survey forum to gather information from employees of (the Humanitarian League organization, the Barzani Charity Foundation, the Rebaz Foundation and people's charity organization).

The main purpose of this research is to discover the role of public relations and its effectiveness among the non-governmental Organizations in the region.

Another reason for this research is to showcase the degree to which the employees in these entities rely on the scientific principles of public relations in conducting their organizations' activities.

This is in addition to discovering those tools that public relations use in initiating non-governmental activities in the Kurdistan region.

The problem of this research is the vagueness of the actual role of public relations in activating non-governmental activities.

The research was conducted in February, March, and April ٢٠٢٣ it has practical and theoretical aspects of the subject and several conclusions were met.

The researcher concluded with the result that Public relations has a significant role in an organization's performance, Also the employees of these entities especially charitable organizations benefit from all the aspects of public relations in conducting their work.


Keywords: Role, Public Relations, Performance, Organization, Nongovernmental Organizations, Kurdistan Region.